# وانەی ٨٠:  ووشەی ناخۆش و ڕاستەقینە

**مەتا ٢٢–٢٥**

لەدیراسەتی ڕابردووماندا، بینیمان چۆن عیسای مەسیح چووە ناو ئۆرشەلیم، باشیش دەیزانی کە ئۆرشەلیم شاری ئەو کاهینی و مالمانەی کەوا کلکیان کردبووە یەك بۆ ئەوەی بیکوژن!  عیسا هەموو ئەو شتانەی دەزانی کە بەسەری دێت، بەڵام ئەوە وای نەکرد نەچێتە ئۆرشەلیم.  ئەو دەیزانی بۆ ئەوە لەدایك بووە تاکو بمرێ وەك قوربانی لەباتی گوناهەکانی جیهان.  چەن ڕۆژێکی ماوە پێش ئەوەی کاهینەکان بە گرتنی بدەن و لە خاچی بەدن.

ئەمرۆ دەبینین چۆن پەروەردگار عیسا ئاگاداری ڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە دەکاتەوە، وە ووریاکردنە دەکاتەوە بۆ دووڕوویيان و خراپەکارییان.  ئەو ووشانەی گوێی لێ ڕادەگرین ووشەی ناخۆشن — بەڵام ڕاستن.  هەندێ جار گوێ گرتن لەڕاستی ناخۆشە.  وانەی ئەمرۆمان پڕە لە ووشەی ناخۆشی ئاوا.  پەندی پێشینان دەڵێت (قسەی حەق ڕەقە!)

وەك بینیمان لە وانەی ڕابردووماندا، لەپاش ئەوەی عیسا چووە ناو ئۆرشەلیم هەموو ڕۆژ دەچووە ناو پەرستگاکە و خەڵکی فێر دەکرد. هەموو ڕۆژ ڕابەرە ئایینیەکان و مالمەکان چاوەڕێی دەرفەتێك بوون عیسا لە شتێك بگرن کە دیفەرموێ و بیکەن بە بیانوو و بیکوژن. بەڵام، لە خەڵکەکە دەترسان کەوا بە گرنگپێدەر گوێیان لە عیسا دەگرت، و یەك ووشەیان لەدەست نادا.

لەبەشی بیستی ئینجیلی لۆقا، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ٢٠) [٢٠] ئینجا چاودێرییان کرد و سیخوڕیان نارد کە خۆیان بە ڕاستودروست دەردەخست، تاکو بە قسەی خۆی تووشی بکەن و بیدەنە دەست حوکم و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. [٢١] پرسیاریان لێ‌کرد: (مامۆستا، دەزانین لە قسەکردن و فێرکرنتدا ڕاستی، لایەنگری کەسیش ناکەیت، بەڵکو ڕێگای خودا بە ڕاستی فێر دەکەیت. [٢٢] بۆ ئێمە دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟) [٢٣] بە فێڵەکەیانی زانی و پێی فەرموون: [٢٤] (دینارێکم پیشان بدەن. ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟) وتیان: (هی قەیسەرە.) [٢٥] ئەویش پێی فەرموون: (هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا.) [٢٦] نەیانتوانی لەبەردەم گەل بە قسەکەی تووشی بکەن، سەرسامیش بوون لە وەڵامەکەی و بێ‌دەنگ بوون.

(مەتا ٢٢) [٢٣] لە هەمان ڕۆژدا سەدوقییەکان هاتنە لای - کە دەڵێن هەڵستانەوە نییە - پرسیاریان لێ‌کرد: [٢٤] (مامۆستا، موسا فەرمووی، ئەگەر پیاوێکی وجاخکوێر مرد، ئەوا براکەی براژنەکەی دەخوازێتەوە و وەچە بۆ براکەی دەخاتەوە. [٢٥] جا لەلای ئێمە حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێنا و بە وجاخکوێری مرد و ژنەکەی بۆ براکەی بەجێ‌هێشت، [٢٦] بە هەمان شێوە دووەم و سێیەم تاکو حەوتەم. [٢٧] لەدوای هەموویان ژنەکەش مرد. [٢٨] ئایا لە هەڵستانەوەدا دەبێتە ژنی کام لە حەوتەکە؟ چونکە هی هەموویان بووە.) [٢٩] عیسا لە وەڵامدا پێی فەرموون: (ئێوە بە هەڵەدا چوونە، نە لە نووسراوەکان دەزانن و نە هێزی خودا.  (لۆقا ٢٠) (خەڵکی ئەم ڕۆژگارە ژن دەهێنن و شوو دەکەن، [٣٥] بەڵام ئەوانەی دادەنرێن شایانی گەیشتنن بەو ڕۆژگار و بە هەڵستانەوەی نێو مردووان، ژن ناهێنن و شوو ناکەن. [٣٦] ئیتر ناتوانن بمرن، چونکە وەک فریشتەن و کوڕی خودان کە کوڕی هەڵستانەوەن. [٣٧] بەڵام مردووان هەڵدەستنەوە، موساش لە دەوەنەکەدا ڕایگەیاند، هەروەک خوداوەندی ناوبرد بە {خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب.} [٣٨] ئەویش خودای مردووان نییە، بەڵکو هی زیندووانە، چونکە لای ئەو هەموو زیندوون.)

(مەتا ٢٢) [٣٣] خەڵکەکە کە گوێیان لێی‌بوو، لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون. [٣٤] بەڵام فەریسییەکان بیستیان کە عیسا سەدوقییەکانی بێ‌دەنگ کردووە، پێکەوە کۆبوونەوە. [٣٥] یەکێکیان تەوراتناس بوو، پرسیاری لێ‌کرد تاکو تاقی بکاتەوە: [٣٦] (مامۆستا، چ ڕاسپاردەیەک گرنگترینی تەوراتە؟) [٣٧] عیسا پێی فەرموو: {خودای پەروەردگاری خۆت بە هەموو دڵ و هەموو گیان و هەموو بیرتەوە خۆش‌بووێ.} [٣٨] ئەمە گرنگترین و یەکەم ڕاسپاردەیە. [٣٩] دووەمیشیان وەک ئەو وایە: {نزیکەکەت وەک خۆت خۆش‌بووێ.} [٤٠] جا هەموو تەورات و

پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن.)

[٤١]کاتێ فەریسییەکان کۆببوونەوە، عیسا لێی پرسین: [٤٢](دەربارەی مەسیح چی دەڵێن، کوڕی کێیە؟) پێیان وت: (کوڕی داودە.)
[٤٣]ئەویش پێی فەرموون: (کەواتە، چۆن داود لە ڕۆحدا پێی دەڵێ خوداوەند؟ چونکە دەڵێ: [٤٤]{خوداوەند بە خوداوەندمی فەرموو: لە
دەستەڕاستم دانیشە تاکو دوژمنانت بخەمە ژێر پێت.} [٤٥]بۆیە ئەگەر داود پێی بڵێ خوداوەند، ئیتر چۆن کوڕی ئەوە؟) [٤٦]جا کەسیان
نەیانتوانی بە وشەیەکیش وەڵامی بدەنەوە، لەو ڕۆژەشەوە ئیتر نەیانوێرا هیچی دیکەی لێ بپرسن.

(مەتا ٢٣) [١]ئینجا عیسا بە خەڵکەکە و قوتابییەکانی خۆی [٢]فەرموو: (مالم و فەریسییەکان لەسەر کورسی موسا دانیشتن. [٣]بۆیە
هەرچییەکتان پێ دەڵێن بیکەن و ڕاییگرن، بەڵام بە کرداری ئەوان مەکەن، چونکە ئەوان دەڵێن و نایکەن. [٤]باری قورس کە
هەڵناگیرێت، دەیپێچنەوە و دەیخەنە سەر شانی خەڵکی، بەڵام بە خۆیان نایانەوێت بە پەنجەش بیجووڵێنن. [٥]هەموو کردارەکانیان بۆ
ئەوەیە خەڵکی بیانبینن، بە پانکردنی نوشتەکانیان و گەورەکردنی گوڵینگی ڕیشاڵەکانیان. [٦]حەزدەکەن لە میوانداری لەلای سەرەوە و
لە کەنیشتەکانیش ڕیزی پێشەوە، [٧]لە بازاڕیش‌دا سڵاویان لێ بکرێت و خەڵک بە (ڕابی) بانگیان بکەن. [٨]بەڵام با ئێوە بە (ڕابی)
بانگ نەکرێن، چونکە تەنها یەک مامۆستاتان هەیە و ئێوەش هەموو بران. [٩]کەسیش لەسەر زەوی بە (باوک) بانگ مەکەن، چونکە
یەک باوکتان هەیە، ئەوەی لە ئاسمانە. [١٠]بە (مامۆستا) بانگ نەکرێن، چونکە یەک مامۆستاتان هەیە، ئەویش مەسیحە. [١١]ئەوەی
لەنێوتان پایە بەرزترە، دەبێتە خزمەتکارتان. [١٢]ئەوەی خۆی بەرز بکات نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکات بەرز دەکرێتەوە.

[١٣](بەڵام قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە شانشینی ئاسمان لەڕووی خەڵک دادەخەن، نە خۆتان دەچنە
ژوورەوە و نە دەهێڵن ئەوانەی دەچنە ژوورەوە بچنە ژوورەوە. [[١٤]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! ماڵی بێوەژن
هەڵدەلووشن، بۆ دەرخستنیش نوێژ درێژ دەکەنەوە، بۆیە سزاتان گەورەترە.]

[١٥]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! دەریا و وشکایی دەگەڕێن تاکو یەکێک بکەنە جولەکە، کە بوو، ئەوسا دوو
ئەوەندەی خۆتان دەیکەنە کوڕی دۆزەخ.

[٢٣]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەیەکی پونگ و شبیت و ڕازیانە دەدەن و گرنگترینی تەوراتتان
پشتگوێ خستووە - دادپەروەری و بەزەیی و دڵسۆزی - پێویست بوو ئەمانە بکەن و ئەوانەش پشتگوێ نەخەن. [٢٤]ئەی ڕابەرە
کوێرەکان! ئێوە مێشوولە دەپاڵێون، بەڵام وشتر قووتدەدەن!

[٢٥]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەرەوەی جام و قاپ پاکدەکەنەوە، بەڵام ناوەکەی پڕە لە چڵێسی و
بەڕەڵایی. [٢٦]ئەی فەریسی کوێر، یەکەم جار ناو جام پاکبکەوە، تاکو دەرەوەشی پاکببێتەوە.

[٢٧]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە ئێوە لە گۆڕی سپیکراو دەچن، کە بە ڕواڵەت جوان دیارە، بەڵام
ناوەوەی پڕە لە ئێسقانی مردووان و هەموو پیسییەک. [٢٨]ئێوەش ئاوان، بە ڕواڵەت لەلای خەڵک ڕاستودروستن، بەڵام ناوەوەتان پڕە
لە دووڕوویی و سەرپێچی.

[٢٩]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! ئێوە گۆڕی پێغەمبەران هەڵدەبەستن و ئارامگای پیاوچاکان دەڕازێننەوە و
[٣٠]دەڵێن: (ئەگەر لە سەردەمی باوباپیراندا ببووینابوووایە، لە خوێنی پێغەمبەران بەشدارییان نەدەبووین.) [٣١]کەواتە شایەتی لەسەر
خۆتان دەدەن کە کوڕی پێغەمبەرکوژانن. [٣٢]جا ئێوە پێوانەی باوباپیرانتان پڕ بکەن! [٣٣]ئەی مارینە! ئەی بێچوی کۆرەماران! چۆن لە
حوکمی دۆزەخ ڕادەکەن؟ ... [٣٧](ئەی ئۆرشەلیم، ئەی ئۆرشەلیم، بکوژی پێغەمبەران و بەردبارانکاری ئەوانەی بۆت نێردران، چەند جار
ویستم منداڵەکانت کۆبکەمەوە، وەک مریشک جوجەڵەکانی لە ژێر باڵی‌دا کۆدەکاتەوە، بەڵام نەتانویست.

(مەتا ٢٤) [١] عیسا لە پەرستگا هاتە دەرەوە و ڕۆیشت، قوتابییەکانی لێی هاتنە پێش تاکو سەرنجی بۆ تەلارەکانی پەرستگا ڕابکێشن. [٢] وەڵامی دایەوە: (هەموو ئەمانە دەبینن؟ ڕاستیتان پێ دەڵێم: لێرە بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت کە نەڕوخێت.) [٣] کاتێ لەسەر کێوی زەیتوون دانیشتبوو، قوتابییەکان بە تەنها هاتنە لای و وتیان: (پێمان بفەرموو کەی ئەمانە دەبێت؟ نیشانەی هاتنەوەت و کۆتایی ڕۆژگار چییە؟)

[٤] عیسا وەڵامی دایەوە: (ئاگادارین، کەس چەواشەتان نەکات. [٥] چونکە زۆر کەس بە ناوی منەوە دێن و دەڵێن (من مەسیحم)، زۆر کەس چەواشە دەکەن. [٦] جەنگ و هەواڵی جەنگیش دەبیستن، وریابن مەتۆقن، چونکە دەبێت ئەمە ڕووبدات، بەڵام هێشتا کۆتایی نییە. [٧] چونکە نەتەوە لە نەتەوە ڕاست دەبێتەوە و شانشین لە شانشین، برسێتی و بوومەلەرزەش لە شوێنی جیاجیا دەبێت. [٨] بەڵام ئەمانە هەمووی سەرەتای ژانەکانە. [٩] ئینجا بۆ چەوسانەوە بە گرتنتان دەدەن و دەتانکوژن، هەموو نەتەوەکان لەبەر ناوی من ڕقیان لێتان دەبێتەوە. [١٠] ئەو کاتە زۆران لە ڕێ لادەدەن و یەکتری بە گرتن دەدەن و ڕقیان لە یەکتری دەبێتەوە. [١١] زۆر پێغەمبەری درۆزن قیتدەبنەوە، زۆران چەواشە دەکەن... [٢٣] ئەوسا ئەگەر یەکێک پێی‌ووتن: (ئەوەتا مەسیح لێرەیە!) یان: (ئەوەتا لەوێیە!) باوەڕ مەکەن. [٢٤] چونکە مەسیحانی درۆزن و پێغەمبەرانی درۆزن دەردەکەون، نیشانەی گەورە و پەرجو دەکەن، بە شێوەیەک ئەگەر بکرێ تەنانەت بژاردەکانیش چەواشە دەکەن. [٢٥] ئەوەتا پێش وەخت پێم وتن. [٢٦] بۆیە ئەگەر پێیان وتن: (ئەوەتا لە چۆڵەوانییە!) دەرنەچن، (ئەوەتا لە ژوورەکانی ناوەوەیە!) باوەڕ مەکەن. [٢٧] چونکە چۆن بروسکە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەچێت و تاکو ڕۆژئاوا دەدرەوشێتەوە، هاتنەوەی کوڕی مرۆڤیش ئاوا دەبێت.

[٢٩] یەکسەر دوای تەنگانەی ئەو ڕۆژانە، {خۆر تاریک دەبێت، مانگ ڕووناکییەکەی نادات، ئەستێرەکان لە ئاسمان دەکەون، هێزەکانی ئاسمان دەهەژێن.} [٣٠] لەو کاتە نیشانەی کوڕی مرۆڤ لە ئاسماندا دەردەکەوێت، ئەوسا هەموو هۆزەکانی زەوی شیوەن دەگێڕن، {کوڕی مرۆڤ دەبینن بەسەر هەوری ئاسماندا بە هێز و شکۆیەکی گەورەوە دێت.} [٣١] فریشتەکانی بە کەڕەنایەکی دەنگ گەورەوە دەنێرێ، بژاردەکانی لە چوار بایەکە کۆدەکەنەوە، لەم سەری ئاسمانەوە تاکو ئەوسەری.

(مەتا ٢٥) [٣١] کاتێ کوڕی مرۆڤ بە شکۆی خۆی دێتەوە و هەموو فریشتەکانیش لەگەڵیدان، ئەوسا لەسەر تەختی شکۆی خۆی دادەنیشێت. [٣٢] هەموو نەتەوەکان لەبەردەمی کۆدەبنەوە و ئەویش لە یەکتریان جیا دەکاتەوە، وەک شوان مەڕ لە بزن جیا دەکاتەوە. [٣٣] جا مەڕەکان لەلای ڕاستی خۆی ڕادەگرێت، بەڵام بزنەکان لەلای چەپ. [٣٤] ئینجا پاشا بەوانەی لای ڕاستیەوەن دەفەرمووێ: (وەرن ئەی ئەوانەی باوکم بەرەکەتی پێدان، ببنە میراتگری ئەو شانشینە کە لە دامەزراندنی جیهانەوە بۆتان ئامادە کراوە... [٤١] دواتر بەوانەی لەلای چەپیەوەن دەفەرمووێ: (لێم دوور بکەونەوە! ئەی نەفرەتلێکراوان بەرەو ئاگری تاهەتایی، ئەوەی بۆ ئیبلیس و فریشتەکانی ئامادە کراوە. [٤٦] ئەوانە بۆ سزای تاهەتایی دەچن، بەڵام ڕاستودروستان بۆ ژیانی تاهەتایی.)

بینیمان پەروەردگار عیسا ووریاکردنەی ڕابەرە ئایینیەکان کرد لەبەر دوو ڕوویيان و دڵ ڕەقییان. هەروەها گوێمان لێبوو قوتابییەکانی ئاگادار کردەوە سەبارەت بە ئەوانەی لەپاش ئەو دێن، و واپشان دەدەن کە پێغەمبەرن، بەڵام زۆر کەس هەڵدەخەلەتێنن. لە کۆتاییدا، گوێمان لە پەروەردگار عیسا بوو ئەوەی ڕاگەیاند کە ڕۆژێك دەگەڕێتەوە زەوی، لە ئاسمانەوە دێتە دەرەوە لەگەڵ فریشتە باڵادەستەکانی بۆ ئەوەی دادوەری ئەو کەسانە بکات کە ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بە مزگێنی خۆشی خودا بێنن دەربارەی مەسیح، ڕزگاری دەری گوناهباران.


خوێندمانەوە لە چەن ووشەیەکی ناخۆشی، بەڵام هەروەها ووشەی باشن لەبەر ئەوەی ووشەی ڕاستن. ووشەی جوانن بۆ ئەو هەموو ئەو کەسانەی باوەڕی پێ دێنن، لەبەر ئەوەی پەروەردگار عیسا فەرمووی، (ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات!) (یۆحەنا ٨: ٣٢)

بۆ وانەی داهاتوو دەربارەی یەکێك لە قوتابییەکانی عیسا فێربین کەوا چووە لای کاهینی باڵا بۆ ئەوەی خیانەت لە عیسا بکات و بیداتە دەستی ئەوانەی دەیانویست بیکوژن.

خودا بەرەکەتدارتان بکات کاتێ سەرنجی ئەوەی پەروەردگار عیسا ڕایگەیاند دەدەن، کە فەرمووی:

(ئێوە بە هەڵەدا چوونە، نە لە نووسراوەکان دەزانن و نە هێزی خودا!) بەڵام، (ڕاستی ئازادتان دەکات!)

(مەتا ٢٢: ٢٩ و یۆحەنا ٨: ٣٢)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆ ئێمە دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟
٢. مامۆستا، چ ڕاسپاردەیەک گرنگترینی تەوراتە؟
٣. دەربارەی مەسیح چی دەڵێن، کوڕی کێیە؟
٤. کەواتە، چۆن داود لە ڕۆحدا پێی دەڵێ خوداوەند؟